**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**
**ژمارە: ٥٧١٦ لە ٢٠١٩/٩/٢**

**بڕیاری**
**ژمارە(١٣)ی ساڵی ٢٠١٩**

پشت بەست بە ئەحکامی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە(٣)ی ساڵی ١٩٩٢هەموارکراو ، و لەبەر ڕۆشنایی کۆنووسی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٤) لە ٢٠١٩/٨/٧ ، بڕیاردرا بە :

**یەکەم:** پێویستە هەموو ئەو لایەن و کەس و کۆمپانیایانەی کە ملکەچی پێدانی باجن ، بڕی باجی ساڵانی پێشوو و بڕە پارەی دواکەوتن و پێژماردن کەڵەکە بوو لە ئەستۆیان لەبەر ڕۆشنایی یاسا و پەیڕەو و ڕێنماییە بەرکارەکان بدەن بە بەڕێوەبەرایەتییەکانی باج بە پێی تایبەتمەندیی.

**دووەم:** پێویستە لەسەر وەزارەتی دارایی و ئابووری بە هەماهەنگی لایەنە پەیوەندیدارەکان.

١- ڕێکاری یاسایی پێویست بگرێتەبەر لە بەرامبەر سەرپێچیکردن لە بڕگەی ( یەکەم) ی ئەم بڕیارە لەبەر ڕۆشنایی یاسا و پەیڕەو ڕێنماییە بەرکارەکان.

٢-چاو خشاندنەوە و پێداچوونەوە بە یاسا و پەیڕەو و ڕێنمایی و ڕێبەرەکانی تایبەت بە باج لە هەرێمی کوردستان ئەنجام بدات لەسەر بنەمای دادپەروەری و ڕەچاوکردنی بژێوی و داهاتی تاك و پێویستە ڕێگری بکرێت لە خۆدزینەوە لە پێدانی باج ، و ڕاگرتنی هەر لێخۆشبوون و داشکانێك لە باج کە بەدەر لە یاسا و پەیڕەو و ڕێنماییە بەرکارەکان بەخشرابن.

**سێیەم :** وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**مەسرور بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

ب. مۆڵەتی بینای کارگەی لەگەڵ نوسراوی پشتگیری بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەرەپێدانی پیشەسازی یان دەستەی وەبەرهێنان لەگەڵ فەرمانگەی ژینگەی پەیوەندیدار و نەخشەی پەسندکراو کەتیایدا شوێنی گۆرەر و پێوەر دیاریکراو.

٢- بڕگەکانی تر هەروەك لە پێنجەم سەرەوەدا هاتووە.

٣- نووسراوی فەرمی لە لایەنی یەکەی کارگێری ناوچەکە.

٤- بڕگەکانی تریش وەك لەشەشەم سەرەوەدا هاتووە.

**نۆیەم:** گەشت و گوزار

١- پێشکەش کردنی ئەم بەڵگەنامەی خوارەوە:

أ. فۆرمی پێدانی ووزەی کارەبا.

ب.پشتگیری فەرمی بەڕێوەبەرایەتیە گشتییەکانی گەشت و گوزاری ناوچەکە.

ج. پێشکەش کردنی مۆڵەتی کارکردن لە لایەن لایەنە پەیوەندیدارەکان

٢-بڕگەکانی تری هاتوو لەیەکەم.

**پاشکۆی ژمارە (٢)**

بۆ خەمڵاندنی ووزەی کارەبای بەکارهاتووی هاوبەش لەکاتی هەبوونی سەرپێچی یان لەکاتی پێویستی فەرمانگە بەم خەملاندنە ئەوە خەملاندنەکە بەپێی ئامێرە کارەباییە بەکارهاتووەکانی هاوبەش دەبێت بەمەرجێك بەبەراوردکردن لەگەڵ خەرجی ووزەی کارەبای هەمان ماوەی ساڵی ڕابردوو کەمتر نەبێت بەم شێوەیەی خورارەوە .

**یەکەم:** ئامێرەکانی بەکارهاتوو لەماڵان:

١- روناکی: نیوەی ژمارەی گڵۆپەکان ×١٠ کاتژمێر ×٣٠ وات بۆ رۆژێك (رۆژانە).

٢- ساردکەرەوە (سلاجە و هاوشێوەی): (٢٠٠ وات بەتێکڕای ٧ کاتژمێر رۆژانە .

٣- بەفرگر(مجمدە) : (٣٥٠) وات بەتێکڕای ٧ کاتژمێر رۆژانە .

٤- تەلەفزیون: (٢٠٠) وات بەتێکڕای ١٠ کاتژمێر رۆژانە.

٥- کۆمپیوتەر: (١٠٠) وات بەتێکڕای ٦ کاتژمێر رۆژانە.

٦- جل شۆر کە گەرمکەری تێدا بێت: (٢٥٠٠) وات بەتێکرای ١ کاتژمێر رۆژانە .

٧- جل شۆر بەبێ گەرمکەر: (٢٠٠) وات بەتێکرای ١ کاتژمێر رۆژانە.

٨- ئوتو: (١٠٠٠) وات بەتێکڕای ١ کاتژمێر رۆژانە.

٩- پانکە: (١٠٠) وات بەتێکڕای ٨ کاتژمێر و بۆ ماوەی ٥ مانگ لە ساڵەکەدا.

١٠-١ فێنککەرەوە(مبردە ) بچووك: (٢٠٠) وات بەتێکرای ٨ کاتژمێر و بۆ ماوەی ٥ مانگ.

١١-فێنککەرەوە (مبردە) گەورە: (٣٠٠) وات بەتێکڕای ٨ کاتژمێر و بۆ ماوەی ٥ مانگ .

١٢- سەتەلایت: (٦٠) وات بەتێکڕای ١٠ کاتژمێر رۆژانە .

| | | |
|---|---|---|
| ١٢ | پێوەری **Ø3** لە شوێنی کار | ١٠،٠٠٠ |
| ١٣ | پێوەری **Ø3** لەگەڵ نیشاندەری هێزی بەرز لە فەرمانگە | ١٠،٠٠٠ |
| ١٤ | پێوەری **Ø3** لەگەڵ نیشاندەری هێزی بەرز لە شوێنی کار | ١٥،٠٠٠ |
| ١٥ | **C.T** لە فەرمانگە | ١٠،٠٠٠ |
| ١٦ | **C.T** لە شوێنی کار | ٢٥،٠٠٠ |
| ١٧ | **V.T** لە فەرمانگە | ١٠،٠٠٠ |
| ١٨ | **V.T**ی لە شوێنی کار | ٢٥،٠٠٠ |

**خشتەی ژمارە (٤)**

**بری کەمترین ڕێپێدانی دووری لەسنووری هێڵی کارەباوە**

| جۆری بەربەست | کەمترین ڕێپێدانی کارەبا بە ستوونە (متر) | | | | کەمترین ڕێپێدانی کارەبا بە ئاسۆیی (متر) | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ١١ ک.ڤ و ٠,٤ ک.ڤ | ٣٣ ک.ڤ | ١٣٢ ک.ظ | ٤٠٠ ک.ڤ | ١١ ک.ڤ و٠,٤ ک.ظ | ٣٣ ک.ڤ | ١٣٢ ک.ڤ | ٤٠٠ ک.ڤ |
| ١- زەوی سروشتی | | | | | | | | |
| أ- زەوی چۆڵ | ٦ | ٦ | ٦ | ٨,٢٥ | ١٠ | ١٠ | ١٥ | ٥٠ |
| ب- زەوی ئاوەدان | ٧ | ٧ | ٧ | | ١٠ | ١٠ | ١٥ | ٥٠ |
| ٢- ڕێگا و هێڵی شەمەنەفەر | | | | | | | | |
| أ-ڕێگای سەرەکی | ٨ | ٨ | ٨،٨ | ١٠ | | ٦٠ | ٧٥ | ١٠٠ |
| ب-ڕێگای لاوەکی | ٧,٥ | ٨,٥ | ٩,٥ | ١٠ | | ٥٠ | ٥٠ | ١٠٠ |
| ت-هێڵی شەمەنەفەر | ٨ | ١١,٥ | ١١,٥ | ١٥ | | ٥٠ | ٥٠ | ٥٠ |
| ٣- هێلی کارەبا<br>أ-هێڵێ ٤٠٠ ک.ڤ.<br>ب-هێلی١٣٢ ک.ڤ.<br>ت-هێلی٣٣ ک.ڤ.<br>ث-هێلی ١١ ک.ڤ. | <br>٥<br>٣<br>٢<br>١,٥ | <br>٥<br>٣<br>٢,٥<br>٢ | <br>٥<br>٣<br>٣<br>٣ | <br>٥<br>٥<br>٥<br>٥ | -<br>-<br>-<br>- | ٥٠<br>٣٠<br>١٥<br>- | ٥٠<br>٣٠<br>٣٠ | ٥٠<br>٥٠<br>٥٠ |
| ٤- هێلی تەلەفون | | | | | | | | |
| ٥- بۆڕی نەوت | ٧,٥ | ٨ | ٩ | ١٠ | - | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ |
| ٦- وێستگەکانی بەرهەمە نەوتیەکان | ٧ | ٧ | ٧ | ١٠ | - | ١٥ | ٣٠ | ٧٥ |
| ٧- پەڕینەوە لە ئاو و جۆگەل ئاوییەکان بەرزترین ئاستی ئاو<br>أ-کەشتیەوانی<br>ب- نا کەشتیەوانی | ١٢,٥<br>٧ | ١٢,٥<br>٧ | ١٢,٥<br>٧ | ١٤,٧٥<br>٩,٢٥ | -<br>- | -<br>- | -<br>- | -<br>- |
| ٨- باڵەخانەکان | ٣,٥ | ٣,٥ | ٥ | ٦,٧٥ | ١ | ٣,٥ | - | - |
| ٩- دار و درەخت | ٢ | ٢,٥ | ٥ | ٦,٧٥ | - | - | - | - |

**خشتەی ژمارە (٥)**

**کرێی کارەبای کار پێکراو لە ئێستادا (خشتەی نرخی کارەبا)**

١- جۆری ماڵان

| ژ | سەرف کردنی لە ماوەی مانگێک kwh | یەکەی سەرف کردن لە مانگێک بە kwh | نرخی کارەبا بە دینار |
|---|---|---|---|
| ١ | ١ - ٤٥٠ | ٤٥٠ | ١٥ |
| ٢ | ٤٥١ - ٩٠٠ | ٤٥٠ | ٢٠ |
| ٣ | ٩٠١ - ١٥٠٠ | ٦٠٠ | ٣٥ |
| ٤ | ١٥٠١ - ٢١٠٠ | ٦٠٠ | ٦٠ |
| ٥ | ٢١٠١ - ٣٠٠٠ | ٩٠٠ | ٧٥ |
| ٦ | ٣٠٠١ - ٥٠٠٠ | ٢٠٠٠ | ١٥٠ |
| ٧ | ٥٠٠١ – بەسەرەوە | ............ | ٢٠٠ |

٢- جۆری بازرگانی (١٣٠) دینار بۆ هەر یەك **(kwh)** .

٣- جۆری پیشەسازی

| ژ | سەرف کردنی لە ماوەی مانگێک بە kwh | نرخی کارەبا بە دینار | تێبینی |
|---|---|---|---|
| ١ | **0.4 KV** | ١٢٠ | بە پێی نوسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژ. ١٣٩٣ لە بەرواری ٢٠١٥\١٢\٢٢ |
| ٢ | **11 KV** | ١٠٠ | |
| ٣ | **33 KV** | ١٠٠ | |
| ٤ | **132 KV** | ١٠٠ | |

**تێبینی:** سەبارەت بە نرخی بەکار هێنانی کارەبا لە پۆلی پیشەسازی بەپێی بەکار هێنان ئەو نرخانەی سەرەوە پەیڕەو دەکرێت نەوەك بەپێی پێدانی ڤۆلتیە ، واتە ئەگەر بەکار هێنانی پێکهاتە پیشەسازیەکە**(0.4KV)** ئەوا بە نرخی (١٢٠) دینار دەبێت بۆ هەر **(kwh)**ێك بێ رەچاو کردنی جۆری ڤۆڵتیەی پێدراو بە سەرچاوەی پێدانی کارەبا، بەڵام ئەگەر هاتوو پێکهاتەکە جۆری بەکار هێنانی ڤۆڵتیەی سەروی **(0.4KV)** هەبوو ئەوا وەك نرخی **(11KV)** مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت واتە (١٠٠) دینار بۆ هەر **(Kwh)**ێك وەهەروەها ئەگەر جۆری بەکارهێنانی ڤۆلتیە لە پێکهاتە پیشەسازیەکە سەروی **(11KV)** ئەوا وەك نرخی **(33KV)** کە لە خشتەی سەرەوەدا هاتووە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت وەهەروەها بە هەمان شێوە بۆ ڤۆڵتیەی سەروتر.

٤- جۆری کشتوکاڵی (٣٠) دینار بۆ هەر یەك **(kwh).**

٥- جۆری میری (١٥٠) دینار بۆ هەر یەك **(kwh).**

**وەزارەتی پەروەردە**
**ژمارە: ١٢٦٧٩ لە ٢٠١٩/٧/٣١**

**بەیانی(٢)ی ساڵی ٢٠١٩**

بەپێی بڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران / ژمارە (٩٨) لە ٢٠١٦/١١/٢٢ و لەسەر پێشنیاری ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان بریارماندابە:-

١- کردنەوەی یەکەیەک لە ژێرناوی یەکەی ( یەکسانی جێندەری ) لەسەر میلاکی بەرێوەبەرایەتی گشتی پلان دانانی پەروەردەیی ... لەرۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە.

٢- هەڵوەشاندنەوەی فەرمانی وەزاریمان ژمارە (١٠٩٤٩) لە ٤ /٧/ ٢٠١٩ تایبەت بوو بەم بابەتە .

**ئالان حمەسعید صالح**
**وەزیـــری پەروەردە**

---

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**
**ژمارە ٥٣٨٥ لە ٢٠١٩/٩/٤**

**بەیانی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٩**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە (ماددەی ١٧ بڕگەی دووەم ) لە یاسای وەزارەتی دارایی وئابووری هەرێمی کوردستان ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٠ بریارماندا بە :-

١- گۆرینی نووسینگەی بانکی پەروێزخان بۆ بانکی پەروێزخان.

٢- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە رێکەوتی بڵاوبونەوەی لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) .

**ئاوات جەناب نوری**
**وەزیری دارایی و ئابووری**

**وەزارەتی تەندروستی**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە (ماددەی شەشەم/ بڕگەی دووەم ) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥) ی ساڵی ٢٠٠٧ وە ، بریارماندا بە:-

**بەیانی(٢٥)ی ساڵی ٢٠١٩**

- کردنەوەی (هۆبەی سەردانیکاری تەندروستی ( الزائر الصحی ) لە بەشی چاودێری تەندروستی سەرەتایی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی پاراستنی تەندروستی / بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری تەندروستی لە دیوانی وەزارەت.
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونی رێکەوتی ٢٠١٩/٧/٢٣.

**بەیانی(٢٦)ی ساڵی ٢٠١٩**

- گۆڕینی (بنکەی تەندروستی نەجدی حەیدەر ) بۆ ( بنکەی تەندروستی خێزانی )سەر بە بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر.
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونی رێکەوتی ٢٠١٩/٧/٢٤.

**بەیانی(٢٧)ی ساڵی ٢٠١٩**

- گۆرینی (بنکەی تەندروستی شەهید ئەسعەد سلێمان بێ ڕەشکەیی ) بۆ ( مەڵبەندی تەندروستی سید صادق )سەربە بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی ٠
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونی رێکەوتی ٢٠١٩/٨/٢٨.

**بەیانی(٢٨)ی ساڵی ٢٠١٩**

- کردنەوەی (سەنتەری ڕاپەرین بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشیەکانی تەلاسیمیا و هیمۆفلیا ) لە بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ڕاپەرین ٠
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونی رێکەوتی ٢٠١٩/٩/٤.

**د. سامان حسین بەرزنجی**
**وەزیـــری تەندروستی**

**جمهورية العراق**
**إقليم كوردستان**
**الرئيس**

**قرار رقم (٢) لسنة ٢٠١٩**

وفقا للصلاحيات الممنوحة لنا في الفقرة (الأولى) من المادة (العاشرة) لقانون رئاسة إقليم كوردستان رقم (١) لسنة ٢٠٠٥ المعدل ، قررنا اصدار القرار رقم (١١) لسنة ٢٠١٩ الذي اصدره برلمان كوردستان في جلسته الاستثنائية المرقمة (٣) بتأريخ ٢٠١٩/٨/٣.

**قرار رقم (١١) لسنة ٢٠١٩**

**تحديد يوم (٢٠١٤/٨/٣) يوما للإبادة الجماعية (الجينوسايد) للإيزيديين**

استناداً إلى حكم الفقرة (١) من المادة (٥٦) من قانون انتخاب برلمان كوردستان ـ العراق رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل، والفقرة (أولاً) من المادة (٧٧) من النظام الداخلي لبرلمان كوردستان، قرر برلمان كوردستان في جلسته الاستثنائية رقم (٣) بتأريخ ٢٠١٩/٨/٣، ما يأتي:

**أولا:** اعتبار أعمال القتل والإبادة الجماعية (الجينوسايد) المرتكبة بحق الإيزيديين في المناطق الكوردستانية خارج إدارة الإقليم من قبل المنظمة الإرهابية الدولة الإسلامية في العراق والشام المعروفة بـ (داعش) جرائم إبادة جماعية وجرائم ضد الإنسانية وجرائم حرب باعتبارها جرائم دولية، وتتحمل السلطات الدستورية لجمهورية العراق الاتحادي مسؤولية التعويض عنها وإعطاء الحقوق والامتيازات للضحايا وإعادة إعمار تلك المناطق.

**ثانيا:** يحدد يوم (٣/ آب) يوماً للإبادة الجماعية (الجينوسايد) للإيزيديين.

**ثالثا:** على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القرار.

**رابعا:** لا يعمل بأي نص قانوني أو قرار يتعارض وأحكام هذا القرار.

**خامسا:** ينفذ هذا القرار من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**الأسباب الموجبة**

بغية تحقيق العدالة وضمان الحقوق والامتيازات والتعويض والتخفيف من آثار جرائم الإبادة الجماعية (الجينوسايد) للإيزيديين المرتكبة من قبل المنظمة الإرهابية/ الدولة الإسلامية في العراق والشام المعروفة بـ (داعش)، ومن أجل إحياء ذلك وتكريماً للضحايا، فقد صدر هذا القرار.

**نيچيرڤان بارزاني**
**رئيس إقليم كوردستان**

**أربيل**
**٢٠١٩/٨/٨**